کەشناسی: پێشبینی دەکرێت پلەکانی گەرما زیاتر بەزربێنەوە

کەشناسی عێراق دەڵێت، پێشبینی دەکرێت پلەکانی گەرما زیاتر بەزربێنەوە و لە هەندێک ناوچە دەگەنە نیوەی کوڵان و کەشناسیش هەڕەمیش دەڵێت، ئاسمان ساماڵ دەبێت، ئەگەری هاتنی شەپۆلێکی خۆبارین بە سەر بەشێک لە ناوەڕاستی عێراق هەیە.

ئەمڕۆ دووشەممە ١٦ـی حوزەیرانی ٢٠٢٥، کەشناسی عێراق وتی، پێشبینی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما دەکرێت و لە هەندێک ناوچەش دەگاتە ٥٠ پلەی سیلیزی و دەشێت، سبەینێ سەشەممە کەش و هەوا ئاسایی دەبێتەوە و لەوانەیە لە هەندێک ناوچە پلەکانی گەرما دابەزن.

کەشناسی هەڕەمیش وتی، ئاسمان ساماڵ دەبێت، ئەگەری هاتنی شەپۆلێکی خۆبارین بە سەر بەشێک لە ناوەڕاستی عێراق هەیە و لە ئێنجامدا کاریگەری ئەم خۆبارینە دەگاتە بەشێک لە ناوچە جیاجیاکانی ناوچەکانی هەرێم، لەگەڵ بەرزبوونەوەی تێزو خۆڵ و زیادبوونی خڕایی با کە لە هەندێک کاتدا دەگاتە سەرووی ٢٥ کم لە کاتژمێرێکدا.

ئاماژەی بۆشکرد، پلەکانی گەرما بە نزیکی ١ تـــــا ٣ پلە نزمتر دەبێنەوە بەراورد بە تەمارکراوەکانی ئەمڕۆ.

بەرزترین پلەکانی گەرمای ئەمڕۆ بە پلەی سیلیزی:

هەولێر: ٣٧ پلەی سیلیزی

سلێمانی: ٣٥ پلەی سیلیزی

دهۆک: ٣٦ پلەی سیلیزی

کەرکوک: ٣٨ پلەی سیلیزی

زاخۆ: ٣٦ پلەی سیلیزی

هەڵەبجە: ٣٧ پلەی سیلیزی

سۆران: ٣٣ پلەی سیلیزی

حاجی ئۆمەران: ٢٧ پلەی سیلیزی

گەرمیان: ٤٠ پلەی سیلیزی.